# سپاسنامەی بەڕێز، کاک بابەشێخ حسێنی، بۆ حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران و کەسایەتیە ئایینی و سیاسی و کۆمەلایەتیەکان



**هاونیشتمانە بەڕێزەکان**

**حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان و ئێران**

**کەسایەتیە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان**

لەماوەی مانگێك نەخۆشی مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی مامی گەورە و بەڕێزم و ڕێبەری دڵسۆزی گەلی کورد، زۆربەی جەماوەری کوردستان گوێ بە هەواڵ بوون تا بەڵکو هەواڵی چاك بوونەوەی مامۆستا شێخ عیزەدینی مەزنیان پێ بگا. بەڵام بە داخەوە لە دوای یەك مانگ نەخۆشیی، مامۆستای سەربەرز و نیشتمان و گەل خۆشەویست لە شەوی پێنج شەممە ١٠/٢/ ٢٠١١ بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین.

ئەگەرچی مامۆستای گەورە و میهرەبان و مامی بەڕێزم بە جستە ماڵئاوای لێکردین، بەڵام هەردەم ڕوحی بەرزی هاوڕێ و هاودەممان دەمێنی و ڕێنوێنیەکان و ڕەفتارەکانی دەبێتە هەوێنی ئەرك و کارەکانمان و ڕێ ڕەوی ژیان و تێکۆشانمان.

لە ماوەی نەخۆشی مامۆستای گەورە و لە دوای وەفاتیدا ژمارەییکی زۆر لە خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەت هاونیشتمانانم لە کوردستانی ئێران لە ڕێگەی تەلەفوون و ئیمەیل و نامەوە، هاوخەمی و هاودەردیان لەگەڵدا کردم، هەروەها زۆربەی حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان بە بروسکە و بە بەشداری لە کۆڕی ماتەمینی لە ئۆپسالای سوئید و پێشوازی لە تەرمی مامۆستا لە فرۆکەخانەی سلیمانی و بە خاك سپاردنی لە گۆڕستانی گردی سەیوانی سلیمانی و هەروەها بەشداری کردن لە پرسەی مزگەوتی قازی محەممەد لە شاری سلێمانی دڵسۆزی و بەوەفاییان بۆ مامۆستا شێخ عیزدین نیشاندا.

دیارە لە دوو ڕۆژ پرسەی ماموستا لە شاروچکەی توبزاوا، (ڕزگاری) لە نزیك شاری هەولێر، ژمارەییکی بەرچاو لە سکرتێر و ڕێبەرایەتی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ئامادەی پرسەکەمان بوون، هەروەها بەشێکی زۆر لە کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی، سەرۆك عەشیرەت و پیاو ماقوڵان و ژمارییێکی بەرچاوی خوشکان بە ئامادەبوونیان لە پرسەی دوو ڕۆژەی تۆبزاوا، بوونە هۆی کەم بوونەوەی غەم و ماتەممان و جارێکی دیکە دڵسۆزی و خۆشەویستیان بۆ مامۆستا شێخ عیزەدینی هەمیشە نەمر و تێکۆشەر دووپات کردەوە.

بە پێویستی دەزانم بە بۆنەی ئەو گشتە هاودەردی و دڵسۆزییەی هاونیشتمانان و سکرتێر و ڕێبەرایەتی حیزب و لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکان و مامۆستایانی ئایینی، سپاسی بێ پایانیان پێ ڕابگەێنم. هیوادارم خودای گەورە پاداشتی چاکە و دڵسۆزی هەموو لایێك بداتەوە و نمونەیان زۆربێ.

**بابەشێخ حسینی**

**١٠ی ڕەشەممەی ١٣٨٩**